# لە بارەی چەمکی ئایدۆلۆژییەوە*

عەباس وەلی
پێداچوونەوە: گۆڤاری توێژینەوە

ناوەڕۆکی ئەم باسە بەو شێوەیە کە بەهەر چەشنێك لێی بڕوانی خۆی لە تیۆری و فەلسەفەی سیاسەت دەداو ئەمن لێرەدا هەوڵ دەدەم تا ئەو جێگایە کە بتوانم لایەنی تیۆریك و فەلسەفیی باسەکە سادە دەکەمەوە، دەبێ تا ئەو جێگایە کە زیان بەبنەما و ناوەڕۆکی باسەکە نەگەیەنێ. لەپێشدا دەمهەوێ باسێك لەسەر وشەی ئایدۆلۆژی و چەمکی ئایدۆلۆژی بکەم و لە دواییدا دەچمە سەر گوتاری ئایدۆلۆژیك. لێرەدا ئەم پرسیارە دێنمە گۆڕێ کە بۆچی چەمکی ئایدۆلۆژی کات و باوی نەماوە و کێشە و گرفتی زۆر بووە؟ بەم پێیە باسی ئەوە دەکەم ئێستا کاتی ئەوە گەیشتووە ئەو چەمکە لە وتاری سیاسی دەربێنین و لە جێگایدا چەمکێك بەنێوی گوتاری ئایدۆلۆژیك دابنێین. ئەڵبەت ئەم کارە لەبەر ئەوە نییە کە لەگەڵ مۆد (Mode)ی ڕۆژدا یەك بینەوە بەڵکو ئەو تەفسیرو ڕوونکردنەوانە بۆ ئەوەیە نیشانی بدەم چەمکی ئایدۆلۆژیك تووشی گرفتی سەرەکی بووە لە بواری تیۆریك و فەلسەفییەوە و هەر لە سەرەتایشەوە خاوەنی ئەم گرفتانە بووەو کێشەی سیاسی زۆری هێناوەتە پێش. بەم بۆنەیەوە کاتی ئەوە هاتووە کە چەمکی ئایدۆلۆژی لە وتاری سیاسی تەنانەت لەنێو کوردانیشدا هەڵبگرین و لەجێگایدا گوتاری ئایدۆلۆژیك دابنێین.

چەمك و وشەی ئایدۆلۆژی لە پلەی یەکەمدا بەرهەمی مۆدێرنیتەیەو مۆدێرنیتە برەوی بەم چەمکە داوە. وەك لە کتێبی فەلسەفەی سیاسەتدا دەنووسن، وشەی ئایدۆلۆژی بەواتای مۆدێرنی خۆی بۆ یەکەم جار لە دواییەکانی سەدەی ١٨دا بەکار هێنراوە.

بەو چەشنەی کە دەیگێڕنەوە ((دەستیت دۆترەیسی)) جارێکیان لەگەڵ ناپلیۆن بۆناپارتدا وتووێژی کردووەو لەوێدا ناپلیۆن ئاماژەی کردووە بەبۆچوونێك و وتوویەتی کە ئەو بۆچوونە ئایدەیەکی باش و بەهێزە، (دەستیت دۆترەیسی) لە وەڵامدا دەڵێ: نەخێر قوربان ئەوە ئایدە نییە بەڵکو ئایدۆلۆژییە.

لەو سەردەمەوە کە ئەم باسە هاتۆتە پێش، وشەی ئایدۆلۆژی هاتۆتە نێو گوتاری سیاسی مۆدێرنێتەوەو لە سەدەی ١٩دا پەرەی ستاندووە. لە پلەی یەکەمدا هاتۆتە نێو وتاری لیبراڵی و لە پلەی دووهەمدا هاتۆتە

ناو چوارچێوەی وتار و پراکتیکی دیموکراتیك و لەپلەی سێهەمدا کە لە هەموویانە گرنگترو سەرەکیتر و هاتووەتە ناو چوارچێوەی دیسکورس و پراکتیکی مارکسیستی، لەو رۆژەشەوە کە ئەم زاراوەیە بەو تەعبیرە بەکارهێنراوە واتە لە دواییەکانی سەدەی ١٨ تاکوو ناوەڕاستی سەدەی ١٩، هەندێ گۆڕان و گەشەی بەخۆوە بینیوە تا وەك زاراوە و چەمکێك کەوتۆتە نێو وتاری سیاسییەوە.

بنچینەی ئەو گۆڕان و گەشەکردنە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای مێژووی سیاسی ئەو سەردەمەی ئەوروپا، ئەگەر بڕوانینە مێژووی وتاری چەمکی ئایدۆلۆژی، دەبینین کە چەمکی ئایدۆلۆژی تاکو ئێستا بەچەند واتاو چەمکی جیاواز بەکاربراوە. لە پلەی یەکەمدا چەمکی ئایدۆلۆژی بەواتایەکی سروشتی (natural) واتە چەمکێکی بێ خایە (پاسیڤ) کە بنەما و هەڵوێستی تایبەتی سیاسی نەبووە بەکار هێنراوە. لێرەدا ئایدۆلۆژی وەکوو توخمێکی هەمیشە ئامادە لە پراکسیس و بەرنامەی سیاسیدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لەم چوارچێوەیەدا واتە بەم تەعبیر و تەفسیرە سروشتییە هیچکات ئاماژەی بە ناوائاخن و ئامانجی ئایدۆلۆژی نەکردووە بەو واتایە کە ئایا ئەو ئایدۆلۆژیایە، ئایدۆلۆژییەکی دینامیکییە، یانی دەیهەوێ گۆڕانکاری بێنێتەدی یان ئایدۆلۆژییەکی کۆنسرڤاتیڤە، یان دەیهەوێ بەر بە گۆڕانکاری بگرێت و بنەما کۆمەڵایەتییەکان لە شێوازی خۆیاندا رابگرێ. لێکدانەوەی سروشتی ئایدۆلۆژی زۆرتر لە شێوازی چەمکێکی زۆر بێ خایە بەکاربراوە, بەڵام پاش ئەوە ئێمە لێکدانەوەو تەفسیرێکی سیاسیمان بۆ ئایدۆلۆژی هەیە. لەو لێکدانەوەو تەفسیرەدا کە بۆ ئێمە زۆرتر ئاشنایە، چەمکی ئایدۆلۆژی بەواتای سیستەمێکی تیۆری و فیکری و بەهایی و باوەڕییە کە بە چەشنێك لەگەڵ بەرنامە یان پێکهاتەیەکی سیاسی لە پێوەندیدایە، ئەو پێوەندییە بەو چەشنەیە کە بۆ ئایدۆلۆژی وەکو زانیاری (Information) و رێنیشاندەر دەڕوانێ کە رێبەرایەتی رێباز و بزاڤە سیاسییەکان ئەکات لە جووڵانەوەکانیاندا. ئەم لێکدانەوە سیاسییە لە چەمکی ئایدۆلۆژی تەعبیرێکی بێ خایە نییە. ئەم لێکدانەوە لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا کار دەکات و هەڵوێست دەگرێ لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو ئایدۆلۆژیایە، ئایدۆلۆژیایەکە خوازیاری بەدیهێنانی گۆڕانکاری و شۆڕشە یان ئایدۆلۆژیایەکە دەیهەوێت دۆخی هەنووکە رابگرێت. لێرەدا بڕیارێکی بەهایی دەدرێت و بەڕێوە ئەچێت کە چوارچێوەی تایبەتی ئەو قەزاوەتە لەلایەن دیسکورس و وتاری فەلسەفی و وتاری سیاسی مۆدێرنێتەوە دیاریکراوە، بەو واتایە کە ئەوە چوارچێوەیەکی مێژووییە لەو چوارچێوەیەدا فیکر یان بزاڤی سیاسی لە خاڵێکەوە دەست پێ ئەکات و بەرەو خاڵێکی تر ئەڕوات و لەم پرۆسەیەدا شوێنکەوتووی هەندێ پرەنسیپە کە ئەو پرەنسیپانە پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بەتایبەت مێژوویی پێك دەهێنن. ئەوە تەفسیری سیاسی چەمکی ئایدۆلۆژیایە لە چوارچێوەی گوتاری مۆدێرنێتەدا کە تایبەتمەندییەکی سیاسی بەچەمکی ئایدۆلۆژی دەبەخشێت.

لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بۆ لێکدانەوەی لیبرالیستی بکەین، لێکدانەوەی دیموکراتیك یان لێکدانەوەی مارکسیستی بۆ ئایدۆلۆژیا.

لێرەدا ئاماژە ئەدەینە لێکدانەوەی دیکە لە چەمکی ئایدۆلۆژیا بەنێوی لێکدانەوەی رەخنەگرانە

(critical) ئەو لێکدانەوە رەخنەگرانەش هەر لە چوارچێوەی دیسکۆرسی مۆدێرنیتەدایە، بەڵام ئەم لێکدانەوە ئایدۆلۆژیای بەشێوەیەکی تایبەتی دەبینی بەو واتایە کە ئایدۆلۆژیای بەزمانی سیستەمێکی فیکری، عەقیدەتی، مەرامی یان سیستەمێکی بەهایی دەبینێت کە ئەو سیستەمە بەهاییە پێوەندیی بە بونیادی دەسەڵاتەوە هەیە، ئەو پێوەندییە بەو چەشنەیە کە پشتیوانی لە بونیادی دەسەڵات دەکا و رایدەگرێ و لە بەرهەمهێنانەوەیدا بەشداری دەکات.

ئەو تەفسیرە لە ئایدۆلۆژیا بەردەوام پێوەندییەکی راستەوخۆو پتەوی لەگەڵ رەوتی رەخنەگرانەی وتاری سیاسی هەیە هەروەها ئەو لێکدانەوەیە بۆ ئایدۆلۆژیا لێکدانەوەیەکی نێگەتیڤە بەو واتایەی کە ئایدۆلۆژیا وەکوو شتێکی نێگەتیڤ دەبینێ. هەروەك ئاماژەمان پێدا زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە مێژووی گۆڕان و گەشەی خۆیدا پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ بزووتنەوەکان و فیکرە سیاسییەکانی مۆدێرنیتە هەبوو، بەتایبەت لەگەڵ مارکسیزمدا.

باسکردن لە بواری چەمکی ئایدۆلۆژیادا بەتایبەت ئەگەر بمانەوێت ئەو باسە ببەستینەوە بەپێوەندیی نێوان ئایدۆلۆژیا و پراکسیی سیاسییەوە، ناتوانێت بەبێ ئاماژەمان بە مارکسیزم بێتەگۆڕێ و مارکسیزم حەتمەن بەشێوەیەکی زۆر بنەڕەتی دێتە چوارچێوەی باسەکەوە. لە مارکسیزمدا ئایدۆلۆژیا لە چوارچێوەی گەشەی مێژوویی کە تایبەتمەندی مۆدێرنیتەیە دەبیندرێ. بەو واتایە کە بەهەمان شێوە تەفسیری سیاسی مارکسیزم بڕیار لەسەر ئایدۆلۆژی دەدات و ئایدۆلۆژی لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا دەبینێت کە لە بزووتنەوەیەکی مێژووییدا لەسەرەتایەکەوە دەست پێدەکات و بەرەو ئەنجامێك دەڕوات و لەو بزووتنەوەشدا بێگومان تەفسیرێك بەپێی پێشکەوتنی مێژوویی بوونی هەیە.. ئەو شێوە لێکدانەوەی مۆدێرنیتە ئایدۆلۆژیا لە مارکسیزمیشدا هەیە بەڵام مارکسیزم لێکدانەوەی دیکەش زیاد دەکات، ئەویش ئەوەیە کە لە مارکسیزمدا ئایدۆلۆژی هەمیشە لە چوارچێوەیەکی ئێپیستمۆلۆژیکدا دەبینرێت، بەو واتایە کە ئایدۆلۆژی بەردەوام لە چوارچێوەی تیۆری مەعریفەدا دەبینرێت. لە روونکردنەوەی ئەو باسەدا دەتوانین بڵێین لە مارکسیزمدا ئایدۆلۆژی هەمیشە خاڵی بەرانبەری زانستە. بەم واتایە کە دروستە مارکسیزم ئایدۆلۆژی بەواتای دیاردەیەکی (reflective) واتە نوێگەرانە یان ئەوەی کە نواندنەوە دەکاتەوە، دەبینێت, بەو چەشنەی کە ئایدۆلۆژی واقیعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە خۆی نیشان دەدا یان دەینوێنێ، بەڵام ئەو نواندن و رەنگدانەوەیە رۆچوو و ئاوەژووکردنەوەی واقیعە نەوەك بناغە و خودی واقیع، کەوایە لە مارکسیزمدا ئایدۆلۆژی نواندنەوە و نیشاندانی پێوەندییەکانی بونیادی کۆمەڵگایە بەڵام ئەو نواندنەوەیە هەمیشە نیشاندەری واقیع نییە بەڵکو ئاوەژووکردنەوەی واقیعە. هۆکەشی ئەوەیە مارکسیزمدا بڕوا و ئایدە و ئایدۆلۆژی بەردەوام نوێنگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بەڵام ئەو نوێگەرییە بەردەوام ئەبێ لە فیلتەری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانەوە تێپەرێ، هەر بۆیە ئەو نواندنەوە هیچکات واقیعی راستەقینە نیشان نادات بەڵکو بەشێوەیەکی ئاوەژوو گوزارشت لە واقیع دەکات، مارکس بەنموونە لە کتێبەکەی خۆیدا، ئایدۆلۆژی ئەڵمانی، بۆ یەکەمین جار میتافۆریك بەکار دێنێ بە مەبەستی روونکردنەوە و شیکردنەوەی ئایدۆلۆژی.

ئەو میتافۆرە کە میتافۆرێکی بەناوبانگە، میتافۆری (کامێر ئابسکیور)یە واتە ئایدۆلۆژی وەکو سندوقی کامێرا وایە، کاتێك بڕوانینە نێو کامێراکە، ئەو وێنەیە کە گرتوویەتی بەشێوەیەکی سەرەو نخون و بەر ئاوەژوو دێتە بەرچاو.. ئەو نموونەیە ئاماژە بەوە ئەدات کە ئایدۆلۆژی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەیە کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە راستەقینەکان بەشێوەیەکی ئاوژوو و سەرەونخون نیشان بدات. کەواتە ئەو فۆنکسیۆنە ئاکامی ئەوەیە کە پێوەندیی تایبەتی لە نێوان فیکر و ئایدیا لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی ئابووریدا هەیە کە لە مارکسیزمدا ئاماژەی پێ دراوە - من ئاماژەم بەوە دا کە ئەو باسە لە مارکسیزمدا باسێکی ئیپیستمۆلۆژیك یان باسێکی تایبەت بە سیستەمی مەعریفەیە. شتێکی زۆر ئاشکرایە کە لە مارکسیزمدا هەمیشە، هەستی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی فیکرو هەستی سیاسی، ئابووری و هەستی ئایدۆلۆژیك راڤە دەکات بەڵام ئەو راڤەکردنە یان ئەو حەتمییەتە دەبێت لە چوارچێوە یان لە فیلتەری پێوەندییە چینایەتییەکانەوە تێبپەڕێ، هەر بۆیە کاتێك لە مارکسیزمدا ئێمە باسی ئایدۆلۆژی دەکەین، ئایدۆلۆژی هەمیشە ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە کە کاکڵەی واقیع بەشێوەیەکی سەرەونخون نیشان دەدات، لێرەدا ئایدۆلۆژی رێفلێکتیڤە واتە ئایدۆلۆژی واقیع بەشێوەیەکی ئاوەژووکراو دەنوێنێ خاڵێکی تر کە لە هەموو بابەتێ گرنگترە ئەوەیە کە ئایدۆلۆژی هەمیشە رووکەش نیشان دەدات و قەت ناتوانێت واقیع بنوێنێ، ئەمە ئەو تەفسیرەیە بۆ ئایدۆلۆژیا کە ئێمە لە نووسراوە سەرەتاییەکانی مارکسدا دەیبینین. ئەگەر سەرنج بدەین لە ساڵی ١٨٤٦دا کاتێك مارکس لەگەڵ ئەنگێلسدا ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی (The German Ideoloy) نووسی ئەم تەفسیرەی لە تیۆری ئایدۆلۆژی واتە بنەمای تیۆری ئایدۆلۆژی لەوێدا هێنایە بەرباس، پاشان ئەگەر لە کارە دواییەکانی مارکس بڕوانین دەبینین لە ساڵی ١٨٥٢دا بەشێوەیەکی زۆر راستەوخۆ باسی ئایدۆلۆژیای بەو تایبەتمەندییەی کە واقیع ئاوەژوو دەکات و نواندنەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانە، مارکس لە کتێبی ((١٨ی برۆمیری لیون بناپارت))دا بەشێوەیەکی زۆر راشکاوانە باسی ئایدۆلۆژیی بەو شێوە ریفلێکتیڤە دەکات بەڵام پاش ١٨٥٢ وشەی ئایدۆلۆژی بەشێوازێکی زۆر روون و ئاشکرا لە نووسراوەکانی مارکسدا دیار نییە، بەڵکوو بەچەشنێك وەلا دەنرێ، تا ئەو کاتەی کە بەشێوەیەکی دیکە لە بەرگی یەکەمی کاپیتاڵدا لە باسی کامالیتیدا کە باسی کەمالیتیڤ ئەکات، تیۆریی ئایدۆلۆژی بەشێوەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ ئەو تایبەتمەندییە رفلیکشین و دابینکەرانەی لێرەدا دیسان ئاشکرا دەبێت. بەو شێوەی کە دەردەکەوێ مارکس پاش ١٨٤٦ بەچەشنێك ئاگای لە وشە و زاراوەی ئایدۆلۆژی هەبووە بەڵام پاش ١٨٥٢ ئەوەندە حەزی لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە نەبووە و زۆریشی بەکار نەهێناوە. بەرپرسی ئەو شێوازە لە ئایدۆلۆژی لە رەوتی مارکسیزمدا بەو چەشنەی کە پاشان باوکراوە، فرێدریك ئەنگێلس بووە. ئەنگێلس لە کتێبەکەی خۆیدا، ((دیالکتیکی سروشت)) و پاشانیش لە کتێبی ((ئانتی دورینگ)) و ((لودڤیك فۆیر باخ و فەلسەفەی ئەڵمانی))دا ئەو لێکدانەوەیە بۆ ئایدۆلۆژیا کە هاوشان لەگەڵ مارکسدا هێنابوویانە کایەوە، زیندوو دەکاتەوە. پاش ئەنگێلس ئەو لێکدانەوەیە بۆ ئایدۆلۆژی واتە ئایدۆلۆژی وەکو هەستێکی درۆیین، یان وەکوو رێفلێکتیڤی

بەرژەوەندییە چینایەتییەکان لەلایەن ((فلادیمیر لینین))ەوە دێتە نێو مارکسیزمەوە. ئەمە خۆی شتێکی سەیرە کە لینین تا ئەو رادەیەی کە پێوەندیی بەمارکسیزمەوە هەیە لە لێکدانەوە فەلسەفی و سیاسییەکانی خۆیدا بۆ ئایدۆلۆژی زۆرتر لەژێر کاریگەریی ئەنگڵس دایە تاوەکو مارکس. لەراستیدا بەشێکی زۆر لە کێشە پرۆبلێماتیك و پرسگرە ئاڵۆزەکانی مارکسیزم، لەلایەن ئەنگێڵسەوە لە مارکسیزمدا بووژاوەتەوەو لینینیش هێزو تینی پێداوەو لە چوارچێوەی رەوتی مارکسیزم - لینینیزمدا هێناویەتە نێو گوتاری مارکسیزم، ئێستا دەچینە سەر باسەکەی پێشوو، واتە ئەو تەفسیرە بۆ ئایدۆلۆژی کە تەفسیرێکی ئیپیستمۆلۆژیکە، ئەو تەفسیرەی کە مارکسیزم بۆ ئایدۆلۆژیی دەکا وەکوو ئاگایی درۆیین، هەستێکی تێکەڵ بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان. بۆچی ئەم چەشنە تەفسیرە بۆ مارکسیزم گرفت ساز دەکات؟ یەکەمین گرفتێك کە لێرەوە بۆ مارکسیزم دروست دەکرێت ئەوەیە کە هاوتای ئەو گرفتە بۆ خودی مارکسیزم لە بەرچاو دەگیرێت، واتە ئەگەر ئایدۆلۆژی رەنگدانەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانە کەوایە خودی مارکسیزم بۆ خۆیشی وەکوو ئایدۆلۆژی یان تیۆرێکی سیاسی تێکەڵ بەو بەرژەوەندییە چینایەتییانە ئەبێ لە نیشاندان و دەرخستنی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییانەدا. لەبەر ئەوەی لافی ئەوە لێئەدات کە نوێنەری فیکر و بەرژەوەندییەکانی چینێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە. بەڵام مارکسیستەکان بۆ تاووتوێکردنی ئەم گرفتە هێناویانە ئایدۆلۆژییان لە بەرانبەری زانستدا داناوە، واتە ئەو ئیدیعایە کراوە کە مارکسیزم ئایدۆلۆژی نییە، بەڵکو زانستە تاوەکو ئەو رەخنانەی کە لە ئایدۆلۆژی دەگیرێن وەکو گەوهەرخوازی (essentialism)و داشکاندخوازی (reductionalisw) لە تەفسیرە سیاسی یان رەخنەییەکان نەتوانن لە مارکسیزم بگیرێن. بەڵام ئەمە تەنیا لافێکە کە هیچ کات راڤە و تەفسیرێکی تیۆریکی بۆ نەکراوە. ئەگەر لەبیرمان بێت لە شوێنێکدا مارکس بۆ خۆی لە تەفسیرە تیۆریکەکانیدا دەڵێ کە تیۆریی ئابووریی من سەرەڕای ئەوەی کە وەکو تیۆریی ریکاردۆ لایەنی زانستی هەیە بەڵکو حەقیقەتیشی هەیە، ئەو حەقیقەتەش لە هەڵوێست و پێگەی پرۆلیتاریادا دەبینرێ. ئەگەر باش سەرنج بدەین ئەو لاف و بانگەشەیە، لاف و بانگەشەیەکی ئێجگار میتافیزیکییە، بەو واتایە کە ئێمە لێرەدا حەقیقەتی فیکری لە هەڵوێست و پێگەی چینێك وەردەگرین کە لە پێشەنگی (ئەولەوییەت)ی سیاسیی لە فیکری ئێمەدا هەیەو ئەو پێشەنگییە هیچ کات لەسەر ئەساسی بنەمای پرەنسیپی یونیڤێرساڵی تیۆریك دانەمەزرێندراوە. هەر بۆیە ئەو باسانەی کە لەسەر لایەنی زانستی ئایدۆلۆژی مارکسیزم دەکرێ بەردەوام گرفتی مەزنی بۆ مارکسیزم دروستکردووە. پاش مارکسیزم کەسانێ وەکو گرامشی، لۆکاچ، ئاڵتوسێر، گۆڵدمەن هەوڵیانداوە هەر کام بەشێوازێك لەکێشەی بەرانبەرکێی ئایدۆلۆژی وەکو ئاگایی دۆریین لە هەمبەر زانستدا لابدەن و خۆیان دەرباز بکەن، یان ئەو باسە بەشێوەیەك لە مارکسیزم دوور بخەنەوە یان بتوانن وەڵامێکی بۆ بدۆزنەوە. بۆ نموونە ئاڵتوسێر دێت ئەو باسە دێنێتە نێو گوتاری ئایدۆلۆژی و سیستەمە ئایدۆلۆژیکە دەوڵەتی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرئەوەی بڵێن ئایدۆلۆژی تەنیا ساپۆرتی بونیادی سیاسی - ئابووری نییە بەڵکو بۆ خۆی ماتریالێکی

تایبەتی هەیە کە ئەو ماتریالیتیکانە لە گوتاری دەوڵەتێکدا، لە گوتاری دامەزراوەیی دەوڵەتێکدا یان لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگایەکدا وەکو کڵێسە، خوێندنگە، سەربازخانە، بیمارستان و ئەم لاو ئەولادا بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئالتۆسێر بۆیە ئەم کارە دەکات کە شێوازی ریفلێکتیڤ، شێوازی ئایدیالیستی چەمکی ئایدۆلۆژی کە لە گوتاری مارکس و ئەنگێڵس (لە ساڵی ١٨٤٨)دا هاتە نێو مارکسیزمەوە، خۆی دەرباز بکات.

ئەوەی کە جەخت لەسەر هۆکارێتی - زانستیبوونی مارکسیزم لە هەمبەر ئایدۆلۆژیدا دەکرێ لێکدانەوەیەکی دیکەشی لە مارکسیزمدا هەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ پراکسیسی سیاسیدا گرنگایەتیی زۆر پەیدا ئەکات، ئەویش ئەوەیە کە مارکسیزم بەردەوام ئەو لافە لێ ئەدات کە لە مارکسیزمدا تیۆری و پراکتیك هەمیشە یەکگرتووەو لە یەك جوێ نییە. ئەو لێکدانەوە بەتایبەت گرنگە ئەگەر بزانین کە لە چوارچێوەی گوتاری مۆدێرنێتەدا و لە چوارچێوەی پێشکەوتنی مێژوویی پراکتیکی مێژووییدا تەفسیرکرا، لێرەدا ئایدۆلۆژی بەو واتایە بوو کە ئەوە نە تەنیا سیستەمێکی فیکری و باوەڕی و بەهاییە بەڵکوو رێنومای کرداری سیاسییە و هەمیشە باس لە ئەوە دەکرێ کە پێوەندیی ئەو رێنومایە لەگەڵ پراکتیکی سیاسیدا چۆنە. لە مارکسیزمدا ئەو گرفتانە بەو چەشنە تاووتوێ دەکرێ کە دەوترێ، پراکسیس و تیۆری یەکن، لێکچوو نین و ئەمەش وەکو بناغەی زانستیبوونی مارکسیزم دادەنرێ. بنەمای تیۆریکی ئەم باسە یان لێکدانەوە فەلسەفەیی ئیستدلال یان ئارگیۆمێنتی سیکۆلاری بۆ ئەم باسە لەلایەن مارکسیزمەوە ئەوەیە کە بوونی کۆمەڵایەتی یان ژیانی کۆمەڵایەتی, دابینکەر و دیاریکەری فیکر و ئایدیایە بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە بوون و ژیانی کۆمەڵایەتی بناسین و بتوانین گۆڕانکاری بەسەردا بێنین ئەبێ خاوەنی فیکر و ئاییندەیەکی تایبەت بین چونکە و ئەو تایبەتمەندییە لە هەڵوێستی چینایەتییەوە سەرچاوە ئەگرێ کە ئەو هەڵوێستە چینایەتییانە لە بواری مێژووییەوە پرۆگریسیڤن و لە رەوتی پێشکەوتنی مێژوویی بەرەو ئامانجی دوائەنجامن. هەر بۆیە ئەوان پێشکەوتوو و پرۆگرێسیڤن و بۆیە مارکسیزم هەم بۆ خۆی رێنومای کردارە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و هەم بەرهەمی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە واتە ئەو پێوەندییە بەشێوەیەك لەنێو بازنەیەکدا دەخولێتەوە، ئێمە دەتوانین ئەو بازنەیە رابگرین تا ئەو کاتەی کە دەست لە لێکدانەوەی مێژوویی مۆدێرنێتە، یان چوارچێوەی تەفسیری مۆدێرنیتە بۆ ئایدۆلۆژی نەدەین. ئەگەر ئێمە بڵێین ئەو چەسپ و مادەیەی کە پراکسیس و تیۆری لە چوارچێوەی تەفسیری گوتاری مارکسیستیدا لێك دەبەستێت، لێکدانەوەیەکی مێژوویی لە پرەنسیپەکانی چینێکی تایبەتە واتە ئەگەر ئێمە ئەو پێوەندییە لە نێوان ئەو دوانەدا دەبینین، ئەو دوانە ناتوانن خۆیان بگرنەوە، بەو واتایەی کە تەواوی ئەو رەخنانە لە تەواوی ئایدۆلۆژییەکانی دیکە بگرین بەو واتایە کە لە چوارچێوەی مارکسیزمدا بڵێین ئەوان قەلبی واقیع ئاوەژوو دەکەن چونکە کە تێکەڵ بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانن، ئەبێ بڵێین کە مارکسیزمیش لێرەدا ئایدۆلۆژی بەواتای رێنومای کردار بەکاردێنێ، ئایدۆلۆژی بەواتای پێوەندو کەرەسەیەك کە بتوانێ واقیعێك بناسێت تاوەکو بتوانێت باشتر پراکتیکی تایبەتی سیاسی بۆ ئەوە

دروست بکات. لەم پێوەندییەدا ئەو مەعریفەیە و ئەم زانستە راستەوخۆ تێکەڵ بە پێوەندی کۆمەڵایەتین. ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە کە لە نێوانی واقیع و تەفسیری مارکسیزم بۆ واقیع دەمێننەوە یانێ هیچ تەفسیرێکی ئایدۆلۆژی لە هیچ جێگایەك لەگەڵ خودی واقیع یەك نییە. ئەو باسەی لە مارکسیزمدا کە دەڵێ تیۆری و پراکتیك یەکن بەو بۆنەوە کە تەفسیر بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی عەینی دەکەن، تەنها بە گوتارو ئیستدلالێکی میتافیزیکی دەتوانێت ئەوە رابگرێ، هیچکات هیچ تەفسیرێك لە واقیع لەگەڵ خودی واقیع یەك نییە هەر بۆیە هەمیشە تەفسیر لە واقیع پێویستی بەوەیە کەڵك لە چەمکی سیاسی، چەمکی کۆمەڵایەتی و دیسکۆرسی وەربگرێ کە ئەو چەمك و دیسکۆرسە، دۆخی کرداریی پێکهاتنی لە چوارچێوەیەکی دیکەدا غەیری مارکسیزم بووە، بۆ نموونە ئەگەر مارکسیزم بیەوێت لە شوێنێکدا لەبەریەکدانەوەی سیاسی یان ئابووری بکات ئەو لەبەریەکدانەوەیە پێویستی بە تیۆری و چەمك و هەندێ بابەت یان هەندێ پێوەندی دامەزراوەیی هەیە کە لە چوارچێوەیەکی بەدەر لە مارکسیزم دامەزراوە.

بەڵام کاتێك کە مارکسیزم ئەوانە بەکار دەبات بۆ ئەوەی کە لەبەریەکدانەوەی سیاسی بکات یان لەبەر ئەوەی هاوکێشەی ستراتیژێکی خۆی دابمەزرێنێ، ئەوانە کاریگەری لەسەر ئەو هاوکێشە و لەبەریەکدانەوەیە دادەنێن و هیچ کات بێکاریگەر نابن. هەر بۆیە هیچ تەفسیرێك لە هیچ فەلسەفە و تیۆرێکدا، لە هیچ کاتێکدا لەگەڵ خودی ئەو واقیعەدا یەك نییە، ئەوانە بۆخۆیان ریپریزنتەیشن یان نوێنەری ئەو واقیعەن و لەگەڵ خودی ئەو واقیعەدا یەك نین، ریپریزنتەیشن بۆ خۆی چەمك و پێوەندیی تایبەتی خۆی هەیە و دواجار ئەگەر ئەوانە هەموو یەك بگرن، ئەوکات هیچ ئایدۆلۆژیایەك لەگەڵ واقیع یەك نایەتەوە. کەوایە لێرەدا ئەوەندە لەسەر ئەم کێشەیە نارۆم. لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر ئەو تێزەی کە لە سەرەتای باسەکەدا ئاماژەم پێدا، ئەویش ئەوەیە بەرای من چەمکی ئایدۆلۆژی بە چەشنێك لە گوتار و بەرنامەی سیاسی و فیکریی خۆمان دەربێنین و لە باتیی ئەو چەمکی گوتاری ئایدۆلۆژیك دابنێین. ئەم پێشنیارە لەبەر ئەوە نییە کە شوێنکەوتووی مۆدی رۆژ بین، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ئەم کارە لە بواری سیاسییەوە زۆر گرنگە. هەموو لێکدانەوەی سیاسی لە ئایدۆلۆژی کە لە چوارچێوەی دیسکۆرسی مۆدێرنێتەدا دەکرێت، ئایدۆلۆژی بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەبەستنەوە و توێرێکیڤی دەکەنەوە، واتە ئامانج و مەبەستێکی بۆ دانەنێن کە ئایدۆلۆژی بەرەو ئەوێ بڕوات. بەو واتایە کە ئەوانە پراکتیکی سیاسی و دیسکۆرسی سیاسی چوارچێوەیەکدا زیندانی دەکەن کە ئاقار و سنووری ئەو چوارچێوەیە بەپێی بنەماو پرەنسیپی ئەو ئامانجە کۆمەڵایەتی و مێژووییەنکانی، پێناسە دەکەن.

بۆ نموونە لە مارکسیزمدا هەر بزاڤێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی کە بەرێوە بچێ، لە پێش و پاش بەرێوەچوونیدا، چ راست بێت و چ هەڵە، چ بە ئاکام بگات و چ نەگات، هەمیشە لێکدانەوەو تەفسیری خۆی هەیە. ئەو تەعبیر و تەفسیرەش لەسەرچاوەی کۆمۆنیزمەوە سەرچاوە ئەگرێ، ئەو ئامانجەی کۆمۆنیزم کە بەردەوام لەوێوە ئاراستەی خودی شتەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دابین دەکرێ، دێتە گۆڕێ.

باسێکی تر لەو بوارەوە ئەوەیە کاتێك لە چوارچێوەی

مۆدێرنیتەدا چەمکی ئایدۆلۆژی دادەمەزرێت چ مارکسیزم چ تیۆری دیموکراتیك و چ لیبرالیسم باسی حەقیقەتی بزاڤی ئایدۆلۆژی یان بزاڤی سیاسی دەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژی ڕێنومایی ، بەدەگمەن حەقیقەتی ئەو بزافە سیاسییە، ئەو بەرنامە یان گوتارە سیاسییە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئامانج و دوا ئەنجامی خۆی ، واتە سەرچاوەی ئەو بیرۆکە و ئایدۆلۆژیایە پێوەندی هەیە لەگەڵ دوائەنجام و ئامانجیدا. بۆ نموونە لە مارکسیزمدا لۆژیکی کۆمۆنیزم لە گرفتەکانی کاپیتالیزم هەڵێنجراوەو داڕووخانی کاپیتالیزمی دەبێتە پێشەنگی مێژوویی کۆمۆنیزم پێکەوە بەستنەوەی ئەو دوو شتە حەقیقەتی ئەو ئایدۆلۆژییە دابین دەکات. هەتا ئەو کاتەی حەقیقەتی گوتار یان پراکتیکێك ئەو پێوەندییەی لەگەڵ سەرچاوە و ئامانجی ئەو ئایدۆلۆژیاییە هەبێت، ئامانجێکیش کە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و لە پێشدا دابین کرابێت و هیچ پێوەندییەکی بەئێستاوە نەبێت، گرفتی ئێجگار مەزن هەم بۆ فیکری سیاسی و هەم بۆ لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیك دێنێتە پێش. بەو واتایە کە ئێمە لە چوارچێوەی لێکدانەوەی ئاوەهادا هیچ وەختێك ناتوانین لۆژیکی فەلسەفە، گوتار یان سیاسەتەکەمان لە ئێستا و زەمەنی هەنووکە وەربگرین. لێرەدا دەبێ هەمیشە پێشبینی ڕەوایی و حەقیقەتی ئەوانە لە ئامانجێك وەربگیرێت کە لە داهاتوویەکی دوور و درێژدایە, واتایە بزاڤی سیاسی لەکاتی ئێستادا هیچ چەشنە بەرپرسیاریەتییەکی سیاسی نییە بێجگە لە بەرپرسیاریەتییەکی ئاکاری کە لە لە پێشەنگی ئاکاریی ئەو ئامانجە دوا ئەنجامە سەرچاوە دەگرێت.

لێرەدا هەمیشە زەمەنی ئێستا بەداهاتوویەك بەستراوەتەوە کە لە بنەمادا نادیارە و ئێستاش تەنانەت ناتوانی لێکدانەوە و ڕاڤەی لەسەر بکەی. ئەوە بۆخۆی نەناسراوترینی هەموو نەناسراوەکانە, نەناسراوترین نەناسراوەکان دەبێتە هۆکاری سیاسی کە ئێستاکە شێوازی گرنگ و حەیاتیی هەیە. کەسێك کە حەقیقەتی بزووتنەوە یان دیسکۆرسەکەی لە ئاوەها بارودۆخێکدایە لە قووڵایی ئایدیالیزمدا دەژیت. هەر لەبەر ئەوەیە بەردەوام مارکسیستە مەزنەکان ویستوویانە خۆیان لە دوائەنجام یان سێبەری شوومی ئەو دوائەنجامە پراکسێسی سیاسی ڕزگار بکەن. هەر بۆیە لەسەر کێشەکە جەخت ئەکەمەوە، هەتاکوو ئەو دەمەی کە چەمکی ئایدۆلۆژی وەکو ڕێنومای کرداری لە چوارچێوەی مێژووی مۆدێرنێتەدا بمێنێتەوە ناکرێ ئێمە لە ئایندەیەکی نزیکدا خۆمان لە ئیسانشیالیزمی حەقیقەتی ئەخلاقی ئازاد بکەین. لە چوارچێوەی ئەو باسەدا ئەڵێم پێویستە ئایدۆلۆژی لەو شێواز و دۆخەی کە ئاماژەمان پێ دا دەربێنین. بۆ نموونە دەبێ ئایدۆلۆژی لە چوارچێوەی باسی ئێپیستمۆلۆژی (مەعریفەناسی) بەشێوەی تیۆریی زانست دەربێنین، هەروەها واتای ئاگایی درۆینی لێ بستێنێتەوە. ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو لایەنانەی لێ وەربگرین ئەوکاتە ئایدۆلۆژی لەو حاڵەتەی پێیان داوە دەردێت و دەبێت بە جیاوازییەك لە نێوان رووکەش و ناواخندا، جیاوازییەك کە جیاوازیی نێوان گەوهەر(ئەسینشێن) بێ و رووالەت (ئەپیرنس) نەبێ.

کاتێك ئایدۆلۆژی لەو شێوازە ئێپیستمۆلۆژیکەی خۆی دەرهات ئەوکاتە ئەوا، لە دۆخی ژیانی گوتار ئەوڕۆدایە، ئەو گوتارە گوتاری سیاسییە کە دەتوانێ ڕێنومای کردارەکان بێت. لێرەشدا دیسان دەگەڕێمەوە سەر باسەکەی پێشوومان، ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ

که هیچ کاتێك هیچ تەفسیرێك لە جیهانی دەرەوە لەگەڵ خودی جیهانی دەرەوە، یەك نییە، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین که ئایدۆلۆژی ببێ بە ڕێنومای کردار و بەرنامەمان بۆ دابنێ و وەکو ١, ٢, ٣.. دەسنیشانی بکات، ئایدۆلۆژی ئەبێ ببێ بەکەرەستەی لەبەریەکدانەوەی سیاسی، لەبەریەکدانەوەی سیاسی دوو ڕۆڵی هەیە: یەکەم ئەوەیە که دەتوانێ تەفسیر و لێکدانەوەك بۆ واقیعی سیاسی بەدەستەوە بدات، دووهەمیش ئەوەیە کە ئەو کەرەستەیەی لەبەریەکدانەوەی سیاسی دەتوانێ گوتار و دەربڕینێکی سیاسیمان بداتێ کە ئەو دەربڕینە سیاسییە بتوانێ ئاکامی ئەو لەبەریەکدانەوەیە دەربڕێت، بەڵام دەبێ ئەوە له بەرچاو بگرین کە لێرەدا ئایدۆلۆژی کاتێك واقیعی کۆمەڵایەتی - سیاسی تەفسیر دەکات کە لەسەر ئەو بنەمایە لەبەریەکدانەوە بکات. ئەو کەرەستانەی که لەبەریەکی دەداتەوە له بابەتگەلێکی وەکوو دامەزراوە و پرۆسێس و هێزو زانست و... بەرهەم دێت، که لە دەرەوەی خۆیدایە و لە خودی خۆیدا نییە. بەو واتایە ئەگەر بڵێین گوتار بەواتای ئایدۆلۆژییە لەم حاڵەتەدا تەنیا دەتوانێت تەفسیرێکی تایبەتمان لەو لەبەریەکدانەوە سیاسییە بداتێ، بەڵام هیچ کات ناتوانێ ئەو واقیعە بە چەشنی مارکسیزم یان ئایدۆلۆژییەکانی تر بەدەستەوە بدات. دەبێ هەمیشە ئەوە بزانین کە لە تەفسیردا دۆخی کۆمەڵایەتی - ئابووری هیچ کات ئابژێکتیڤ (ئامانجی زانست) نییە، ئەوانە ئامانجی زانستن بەڵام لە چوارچێوەی چەمکگەلێکی دیکەدا. ئەگەر ئەوانە تەفسیر بکەین لەسەر ئەساس و بەکەڵك وەرگرتن لەو چەمکانە ئەو کارە دەکەین و ئەو چەمکانە بێگومان کاریگەریی خۆیان لەسەر ئەو تەفسیرە دادەنێن، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو تەفسیرە هیچ کات ئەوە نییە کە ئایدۆلۆژییەکە دەیەوێت.

ئێستا ئەگەر بتوانین ئایدۆلۆژی لە شێوازی ئێسانشیالیستیی دوائەنجامخوازانەو ئایدیالیستی، لە چوارچێوەی پرۆژەی ئایدیالیستیی مۆدێرنیستی، واتە ئەو پرۆژەیەی کە بنەماکانی پێشکەوتنی مێژوویی پێیان بەخشیوە دەربێنین و ڕزگار بکەین، ئەوا کارێکی گەورەمان کردووە. کارێکی گەورەتر هەڵسەنگاندنی ئایدۆلۆژی وەکو کەرەستەی شیکاریی سیاسییە لە بەستێنی زانستیدا. ئەبێ ئەوەش بزانین تا ئەو دەمەی ئایدۆلۆژی تەفسیر دەکات و خۆی بەرێنومای کردار ئەزانێت، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ دوائەنجامێك لە داهاتوویەکی دوور و درێژدایە و ئێمە هیچ لەو داهاتووە دوورە نازانین، لە ئاوەها دۆخێکدا هیچ جێگایەك بۆ زانست نامێنێتەوە کەوابوو ناتوانین بە زانست شوێنی ئەو ئایدۆلۆژیایە بکەوین, تەنیا شتێك بۆ ئێمە دەمێنێتەوە ئیمانە، واتە دواتر ناتوانین زانستمان لەسەری هەبێت و تەنیا دەتوانین باوەڕی پێ بێنین.

ئەبێ ئەوەش بزانین لە جێگایەکدا کە بزاڤی سیاسی لەسەر ئیمان دابمەزرێت جێگایەك بۆ زانست نامێنێتەوە. کەوایە بزاڤێك بۆ ئەوەی لە ئیمان و بڕوا جیا ببێتەوەو بەزانستەوە ببەسترێتەوە، زانستێکە لەسەر شیکاری و لەبەریەکدانەوەی وردکارانەو تایبەتی دامەزراوە نەك لەسەر ئاینی باوەڕ بەداهاتوویەکی لێڵ و نادیارە. لەو حاڵەتەدا ئیدی ناتوانین ئەو لێکدانەوەی مۆدێرنێتە بۆ ئایدۆلۆژی پەسەند بکەین. کەوایە پێویستە بەرەو تیۆر و بۆچوونێکی تازە بۆ چەمکی ئایدۆلۆژی وەکو کەرەستەی شیکاری و لەبەریەکدانەوەی سیاسی

بڕۆین، کە ئەوەش هەمان وتاری ئایدۆلۆژیکە نەك ئایدۆلۆژی وەکو چەمکێکی مێژوویی - سیاسی بەو چەشنەی کە باسی لێ کرا. حەقیقەتی ئەو وتارە ئایدۆلۆژیکە کە من باسی دەکەم نە لە سەرەتاکەیدایە نە لە دوائەنجامەکەیدا، حەقیقەتی ئەو وتارە ئایدۆلۆژیکە لە پێوەندی لەگەڵ مەیدان و بەستێنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژدایە. ئەو حەقیقەتە بەپێی ئەو هێز و دامەزراوو پرۆسەو پێوەندییانە کە لەو مەیدانەدان تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێت ئێمە ئەگەر ئەم پێوەندییە دوو لایەنانە لە بەرچاو بگرین بەو واتایەیە کە چەمکی گوتاری ئایدۆلۆژیك حەقیقەتێکی رەها (موتڵەق) نییە بەڵکو حەقیقەتێکی رێژەییە کە بەپێی پێکهاتەی سیاسی و هەروەها بەپێی بەشداریکردن و چییەتیی ئەو هێزانە کە لەو گۆڕەپانەدا بەشداری دەکەن، ئاراستەکەی دەگۆڕدرێت. لێرەدا حەقیقەتی هیچ بزافێکی سیاسی، هیچ پراکتیك و ئایدۆلۆژی و وتارێکی سیاسی رەها نییە. یەکێك لە مەزنترین کارەکانی مۆدێرنیتە ئەوەیە کە دوائەنجامی رەهای ئایینی کە لە پێش مۆدێرنیتەدا هەبوو، سڕییەوە, لە باتیی ئەو ئەقڵی دانا، بەڵام دواتر ئەقڵ و بەرهەمە ئەقڵییەکان بەستەمە بەهەندێ دوائەنجامی تر، بەو چەشنەی کە باسمان کرد. بۆ نموونە لە لیبرالیزمدا دوائەنجامی ئازادیی رەهای تاکەکەسی بوو بەئازادییەکی نامێژوویی و هەموو چەشنە سنوورێکی مێژوویی یان سیاسی لەسەر لابرا. هەروەها لە مارکسیزمدا پێشەنگی چینایەتیدا چینی کرێکار بوو بە بنەمای تەفسیری مێژوویی و سیاسی و... ئەو چەمکەی کە من باسی دەکەم و پێم وایە کە دەبێ جێگای وشە یان چەمکی ئایدۆلۆژی بگرێتەوە، چەمکی وتاری ئایدۆلۆژیکە کە هیچ کات شوێنکەوتووی هیچ حەقیقەتێکی رەها نییە، ئەو گوتارە حەقیقەتی خۆی لە پێوەندیی بەستێنی سیاسی وەردەگرێت. ئەگەر ئەوەش لە بەرچاو بگرین بە ئاکامێکی دیکە دەگەین و ئەم ئاکامەش ئەمەیە: چەمکی وتاری ئایدۆلۆژیك دینامیزمێکی هەیە کە ئەو دینامیزمە لە نێو خۆیدا نییە، واتە ئەو چەمکە ناتوانێت گەشە بکات و ببێت بە کەرەستەی شیکاری و راڤەکردن، ئەگەر لە بارودۆخی سیاسیی رۆژدا خۆی نەبینێتەوە و پێوەندییان لەگەڵ نەگرێت، بەهۆی ئەوەی کە گۆڕانکاری و گەشەکردنی ئەو حەقیقەتە بەستراوە بە گۆڕانکاریی گەشەکردنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری ئەورۆکە و ئێستاوە، مەبەستم لە ئێستا ئەو سەردەمەیە کە سەردەمێکی ئاوەڵایە، نە بە رابردوویەکی دوور بەستراوەتەوە و نە بە داهاتوویەکی نادیارەوە. کە وایە ئەو چەمکەی کە من باسی دەکەم دەتوانێ ببێتە کەرەستەی شیکاریی سیاسی، بەو مەرجەی کە خۆی لەو چوارچێوە تەنکەی بۆی دانراوە دەرباز بکات و خۆی بەکاتێکی هەنووکەیی و بەتەواوی دیاریکراو و کۆنکرێت ببەستێتەوە.

---

* ئەم وتارە لەلایەن پرۆفیسۆر عەباسی وەلی مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی وێلزی بەریتانیا، لە کۆنفرانسێکی پاڵتاکدا پێشکەش کراوەو مەسعود بینەندە دایبەزاندووەوو نووسیویەتەوە.